


# کوردەکانی لوبنان

## گروپێکی ئەتنیکی جیاواز

ئا: ئاکۆ ئاکۆیی

لەئاکامی ئەو زۆرداریەو چەوساندنەوەی دوژمنان بەرامبەر کورد پەیڕەویان کردووە، کە دەیان کێشەی سیاسیی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لێکەوتۆتەوە بۆدەربازبوون و خۆرزگارکردن، کۆمەڵ و دەستە دەستە زێدو نیشتمانی خۆیان جێهێشتووەو ڕێگای کۆچیان گرتۆتەبەر بەو مەبەستەی لە وڵاتی دووەم ژیانێکی دوور لە ستەم و بەدەر لەسایەی دوژمنان بگوزەرێنن، ئەمە لەلایەک لەلایەکی تر بە هۆی شۆڕش و خەبات و تێکۆشان، عوسمانیەکان پاشان تورکەکان و عەرەب و فارس و ئینگلیزو فەرنساو روسیا بۆ مەبەستی سیاسی خۆیان کوردیان دەرکردوون و دووریان خستوونەتەوە لە نیشتمانی خۆیان بۆ ناوچەکانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئەفەریقاو ئاسیاو ئەوروپا، بە پیادەکردنی ئەم سیاسەتە نامرۆڤانەیە کوردێکی زۆر کەوتوونەتە وڵاتانی وەك ( پاکستان، ئوردن، میسر، لیبیا، سودان، جەزائیر، کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، ئەلبانیا، یۆنان و قوبرس..تاد)، وڵاتی (لوبنان) یش یەکێکە لەو وڵاتانەی کۆچی کوردانی بەرەو ڕووبۆتەوە، چ وەك پەناگەیەك یان بە زۆر گواستنەوەیان بۆ ئەم وڵاتە بە گوێرەی هەندێ سەرچاوەی مێژوویی نزیکەی سەد هەزار کورد ئێستا لە بەیروتی پایتەخت و دەشتی بیقاع و شاری تەرابلس وبەعەلەبەك ... هتد دەژین.

### مێژووی کۆچکردن

کورد لە مێژ ساڵە بۆ لوبنان کۆچیان کردووە، تەنانەت تاوەکو ئەم رۆژگارەش کۆچ کردن بەردەوامە بۆ ئەم وڵاتە، کورد لەسەردەمی جیاو بۆمەبەستو ئامانجی جیا کۆچیان کردووە جا چ بەئارەزووی خۆیان بێت یا بەزۆر. کۆچی کوردان بۆ لوبنان لە دووسەردەمی جیاو دابەشی سەر دوو شەپۆلی جیا دەبێت.

### شەپۆلی یەکەم

خەلیفەی موسڵمانان چەند سەرۆك خێڵو بنەماڵەی کوردی رەوانەی قەراغی دەریای لوبنان کردووە، بەمەبەستی رێگا گرتن لە هێرشی خاچدروشمەکان ئەو سەرۆك خێڵانە هەموویان بەشێك لە خێڵەکەی خۆیان بردووە، لەسەرەتای سەدەی چوارەمی کۆچی چەند خێزانێکی کورد لەناوچەی تەرابلس جێنشینبوون بۆ چەسپاندنی دەسەڵاتی مەمالیك لەسەر وڵاتی شام، هەندێکیتریان لەسەدەی حەڤدەهەمەوە پاش شۆرشەکەی (عەلی پاشا جانبولات) لەناوچەی (حەلەب-سێواس)لەساڵی ١٦٠٦ لەدەستی والی شام رایانکردووەو چوونەتە لوبنان، گرنکترین ئەو بنەماڵانەی کۆچیان کردووە بۆ لوبنان ئەمانەن:

#### یەکەم: ئەیوبییەکان

لەتکریتەوە کۆچیان کردووە بۆ موسڵ پاشان لەساڵی ١١٣٩ بۆ لوبنان لەشاری ( بەعلەبەك ) نیشتەجێ بووینە، (زەنکی ئەیوبی) بووە بە والی بەعلەبەك لەسەردەمی ئەیوبیەکان یەکێك لەمیرەکان قەڵایەکی هەبووە لە (مسیلحە) کە دەکەوێتە دۆڵەکانی باکوری لوبنانو لەسەرووی قەزای (بەترۆن)ە، شوێنەواری ماوە، نەوەکانیان تا ئێستاش لە



گوندی (رأس نحاش) كەسەر بەقەزای بەترۆنەو ماونەتەوە، بەڵام پلەو پایەی كۆمەڵایەتیو ئابوریان كز بووە.

**دووەم: بنەماڵەی سەیفا**

چەنـد میرێكی كورد بـوون لەنێوان سـاڵەكانی ( ١٥٢٨ و ١٥٧٩ )زاینـی دەسـەڵاتداریەتی میرنشـینەكەیان كردووە، میر یوسف سـەیفا گەیشتە پلەی وەزیرو سـاڵی ١٥٧٩ بە والی تەرابلس دامەزرا.

**سێیەم: مەراعیەكان**

بەرەچەڵەك كـوردنو لە خێزانە دێرینەكانی لوبنانو باپـیرە گەورەیان (مەرعـب) كەیەكێك بووە، لـە ئاغاكانی ناوچەی هەكاری، ئەم خێڵە تا سەردەمانێكی نزیك موڵكداری قەزای(عـەكار) بووینە پشـتگیرێكی جەماوەریـان هەبووە (گلال المرعب) بۆسـێ جار لـە سـاڵەكانی ١٩٧٢ ، ١٩٩٢، ١٩٩٦ هەڵبژێردراوە بۆ جێگری كورسی سوننەكان لە پەرلەمان.

**چوارەم: جنبلات**

خێڵـی جنبـلات بەكوردیەكـەی (گیان پـۆڵا) خێڵێكی ئەرسـتۆكراتی ناوچـەی هەكاری بوون، بەشـداری شـەڕی دژی خـاچ دروشمەكانیان كردووە، لەسـاڵی ١٦٠٧ زاینی ئەمیر سـەعید گیان پۆڵا دژی سوڵتانی عوسمانی ڕاپەڕیو حەلەبی داگـیر كرد، دوای ماوەیەك لێدران، سـەعید گیان پۆڵا دوور خرایەوە بۆ ئەسـتەمبوڵ، لەسـاڵی ١٦٣٠ زاینی توانی خۆیو بنەماڵەكەی هەڵبـێنێو بگەنە بەیروت، لەلایەن (فەخرەدین المانـی) ئەمیری لوبنان ڕێزیان لێدەگیرێو ناوچەی خواروی ڕۆژهەڵاتی بەیروتیان دەداتێ، بەتێپەڕبوونی كات گیان پۆڵا دەبێتە جنبلات.

**پێنجەم: العمادیون**

بەخزمایەتی دەگەنـە عیمادی كە حوكمڕانی ناوچەی ئامێدیان دەكرد، ئەم خێڵە دەورێكی بەرچاویان لە مێژووی لوبنان بەگشتیو(دروز) بەتایبەتی بینیووە، بەسەركردایەتی كردنیان لە حزبی (یەزبەكی) ( قەیسـینەكان دابەش بوونە بەسـەر دوو حزبـی سـەرەكی جونبوڵاتـیو یەزبەكـی، یەزبەكیەكان بە رەچەڵەك دەگەڕێنەوە سـەر سەركردەیەك بەناوی (شـێخ عەبدولسـەلامی ئامێدی) بەیەزبەكی بانگ دەكـران، چونكە باپیرەگەورەیان (شـێخ ئامیـد) یەزبەكی بووە، ئەم بنەماڵانە لەنـاو كۆمەڵگای لوبنانیدا تواونەتەوە، هەرچەندە دەشـزانن بەرەچەڵەك كوردن، هەروا بنەماڵەی (محلمی)یەكان كە لە هەكاری هاتوونەتە لوبنان.

**شەپۆلی دووەم**

زۆربـەی ئـەو كوردانەی لە لوبنان دەژین لەسـەرەتای ساڵەكانی بیستی سـەدەی ڕابردوو، بە هۆی بەتورك كردنو ژێر دەسـتەكردنی ناوچەكوردییەكانو بارودۆخی سیاسیو كۆمەڵایەتـی نالەبارەوە بەتایبەت دوای ڕاپەرینەكەی شـێخ سەعید لەسـاڵی ١٩٢٥ چەند بنەماڵەیەك بۆ دەربازبوون لەم زۆرداریە ڕێگای كۆچیان بەرەو لوبنان گرتەبەر، لەساڵەكانی ١٩٣٠ و١٩٣٢شـەپۆلێكی تـری كـوردان دوای دامركاندنەوەی ڕاپەرینەكەی ئارارات ڕوویان كردە لوبنان، لەهەمانكاتیشـدا توركیا دەستیكرد بە ڕاگواستنی كوردان بۆ خۆرئاوای توركیا لەم كاتەشـدا زۆركەس هەڵاتنو پەنایان بـردە بەر لوبنان، لەسـاڵەكانی چـل گەورەترین شـەپۆلی كۆچی كـوردان بۆ لوبنان دەسـتی پێ كرد، بەهۆی كودەتا سەربازیەكەی توركیا گروپێكی تر لەساڵی ١٩٨٢ كۆچیان كرد بۆ ئەم وڵاتە.

لەساڵی ١٩٦٣ كەبەعسیەكان لە سوریا هاتنە سەر دەسەڵات گروپێكـی كوردی ئـەوێ ڕوویان كردە لوبنان، لەسـاڵی ١٩٨٤ كاتـێ (PKK) شـێوازی خەباتـی چەكـداری دژی توركیا پیادەكـرد، گروپێكـی تر ناچار بـوون بـەرەو لوبنان كۆچ بكـەن كـە زۆربەیـان لایەنگری ئـەو پارتە بوون، شـەڕی كەنداوو ڕێكەوتنامەی (تایف) بووە هۆی ئەوەی شـەپۆلێكی تری كوردی ژێر دەسەڵاتی سـوریاو كەمێكی كوردی باشوور بەرەو لوبنان بچن، ئەو كوردانەی كە لەباشـوری كوردستان چووبوونـە لوبنـان گروپێكـی بچوكـنو ئەوێیـان وەك وێستگەیەك هەڵبژارد بۆ ئەوەی بگەنە وڵاتانی خۆرئاوا.

**قەیرانی ناسنامە**

بـاری سیاسـیو ئابووریو كولتوری فـرە ڕەنگی لوبنان كاریگەری جێ هێشتووە لەسەر كوردەكانی ئەوێ، بەگوێرەی ئـەو لێكۆڵینـەوە مەیدانیانـەی لەسـەر كوردەكانی لوبنان كراون بەسـەر سـێ گروپ دابەش دەبـن، گروپی یەكەمیان خۆیان بە عەرەب دادەنێن بەتایبەتی خێڵی(محلمی) یەكانو بەشـێك لەو خێـڵو بنەماڵانـەی كە لە شـەپۆلی یەكەمدا كۆچیانكردووە، لوبنانیەكان جیاوازیەك دانانێن لەنێوان ئەو گروپەو كرمانجیەكان (كوردەكان)، چونكە هەر لەسـەرەتاوە وەكو كورد تەماشا كراون، ئەم گروپە ڕووبەڕووی هەمان ئەو بارودۆخە بۆتەوە كە كوردەكان پێیدا تێپەڕبوون ئەندامانی ئەم گروپـە زۆر بەكەمی خۆیان بە كێشـەی كورد خەریك

دەکەن، بەڵام هەندێ لـە تاکەکانی کورد بوونی خۆیان رەت ناکەنەوە.

گروپی دووەم لە قەیرانی ناسنامەدا دەژین ئەندامانی ئەم گروپە هەڵسوکەوتو دابونەریتیان چۆن بووە لەکوردستان ئێستاش هەروان، کۆمەڵەیەکیان لەساڵی ١٩٦٩ دامەزراند بەناوی (جمعیـە الارز الریاچیە الپقافیـە) لەبەرئەوەی لە قەیرانی ناسنامەییدان کۆمەڵەکەشیان بەکۆمەڵێکی کوردی ناو نابەن، لەوانەیە پێیان وابێ کە رەنگـە بەرژەوەندیان وا بخوازێ بۆیە وا ناویان ناوە، هەرچەنـدە هەندێ جار وشەی (الکردیە) بۆ کۆتایی کۆمەڵەکەیان زیاد دەکەن بەتایبەتی لەیادکردنەوەی جەژنی نەرۆز، بەڵام لەکاتی کاری رۆژانەیاندا بەشێکیان خۆیان بە عەرەب پێناسە دەکەن.

گروپی سێیەمیان: بەبێ دوودڵی‌و گومان خۆیان بە کورد (کرمانج) دادەنێن‌و شانازی بـە کوردبوونی خۆیان دەکەن، لەدابو نەریتو هەڵسوکەوتو ئاخافتن بەزمانی زگماکیان لە کوردستان چۆن بوون ئێستاش هەر وان، حزبی سیاسی‌و رێکخـراو و کۆمەڵەی هونـەری‌و رۆشـنبیریان هەیە وەك: (حزبی رزگاری کوردی لوبنانی لەساڵی١٩٧٥ دامەزراوە، حزبی دیموکراتی کوردی لە لوبنان‌و کۆمەڵەی خێرخوازی کوردانی لوبنان لەساڵی١٩٦٣ دامـەزراوە، ئەنجوومەنی پیران‌و گروپی چیایی کوردانی لوبنان ...تاد).

ناسیۆنالیزم وەك بیر کاریگەریەکی بەرچاوی لە هۆشیاری ئەم گروپـەدا هەبـووە، راپەرینەکـەی بارزانـی دەورێکی گەورەی هەبووە لەسـەر کوردەکانی لوبنان‌و بەشـێوەیەکی کەمیش راپەرینی فەلەستینیەکان هەروا لەساڵی ١٩٨٤ بەدواوە (PKK) دەورێکـی گرنگی هەبـووە لەهۆشـیارکردنەوەی نەتەوایەتی، بەشـێك لەم گروپە هێشتا لەو بیرە دایە رۆژێك لەرۆژان بگەرێنەوە کوردستان، لەئەنجامدا گروپێکیان لەبەر ئەوەی زەمانی کوردی نازانن‌و سـاڵانێکی دوورو درێژە لە ژێر کاریگـەری کۆمەڵگای لوبنانیدان خۆیان بە عەرەب دادەنێن، گروپـی دووەم لەقەیرانـی ناسـنامەدا دەژیـن‌و لەنێـوان بەعەرەب بوون یـان بەکوردبوون خۆیان یەکلانەکردۆتەوە، ئایا کوردن یا عەرەب، گروپی سێیەم: شانازی بەکورد بوونی خۆیان دەکەن.

تا کوردەکان لەسیسـتمی سیاسـی ئێسـتای لوبناندا وەك گروپێکی ئەتنیکی سـەربەخۆ نەناسـرێن‌و مامەڵەیان بەم شێوەیە لەگەڵ نەکرێت ئەوا ناتوانن بە بەشێك لەمافەکانیان بگەن، کە هاوڵاتیەکی لوبنانی هەیەتی، لوبنانیەکان کوردەکان وەك موسـڵمانی سـوننی دەبینن‌و نایەنەوێت بە گروپێکی ئەتنیکی سەربەخۆ مامەڵەیان لەگەڵ بکەن هەرکاتێك وەك گروپێکی ئەتنیکی جیا دانیان پێدا نرا، دەتوانن لەسیسـتمی تایفەگەری لوبنانـدا پارێزگاری لەمافەکانـی خۆیان بکەن، بەڵام لەبەر ئەوەی لەسـەر سـونیەکان دەژمێردرێن ناتوانن وەك گروپ داکۆکی لەمافەکانیان بکەن سـونیەکانیش کورد بە بێگانە دادەنێن.



**کوردو رەگەزنامە**

لـەوێ کێشـەو نارەحەتیەکانیـان کۆتایی پێ نەهاتو کەوتنە ژێر جۆرێك لەچەوساندنەوە، پێش هەمووشـتێك دەبوایـە پەناگەیـەك بـۆ حەوانـەوەو کارێك بـۆ بژێوی ببینەوە، دەبوایە بۆ دامەزراندن لە دامو دەزگا حکومیەکان‌و ناحکومیـەکان رەگەزنامەی لوبنانیان هەبوایە جگە لەمەش زۆربەیـان نەخوێندەوارن، جگە لەکاری هێـزی بازو نەیان دەتوانـی کارێکیـتر بکـەن، زۆربەیـان رەگەزنامەیان نیەو کارتێکـی بە مەرجیان پێ دراوە بەنـاوی (قید الدرس) ئەم کارتـە کارتێکـی مانەوەی کاتییـە، واتە هەڵگـری رەگەزی نەناسـراوە، لەسـاڵی ١٩٤٣ یەکەم سـەرۆك وەزیرانی سوننی (ریاچ الصلح) هەوڵی ئەوەیدا کوردەکان بە دانیشتوانی لوبنان ئەژمار بکاتو رەگەزنامەکەیان پێبدات، بەڵام فەرەنسیەکان لەسـەر داوای (مارۆنیەکان) نەیانهێشـت ئەوە سەربگرێت‌و لەو سـاڵەدا تەنیا رەگەزنامەیاندا بە(١٧٠٠٠) کورد ئەوانی تر کارتی ( قید الدرس ) یان پێدرا، لەساڵەکانی شەستدا(کەمال جنبلات) کە ئەو کات وەزیری ناوخۆ بوو بریاریدا رەگەزنامە بداتە هەموویان دیسـان لەبەر کاردانەوەی مارۆنیەکان جێ بەجێ نەکرا، ئەمەش لەبەر ئەوەیان بوو پێگەی سـوننەکان بەهێـز نەبێت دواجار مافێکی مانـەوەی تایبەتیدا بەوانەی مافی مانەوەیان نەبوو بە هـۆی ئەم کارتە نوێیە کوردەکان دەیانتوانی بەئازادی هاتوچۆ بکەن‌و کاربکەن پاشان دەوڵەت ئـەم کارتـە تایبەتییەی گۆریـەوە بە کارتی(قیـد الدرس) ئێستا زۆر خێزان هەن منداڵەکانیان رەگەزنامەیان هەیەو بـاوك‌و دایکیـان نیانە، یـا لـە خێزانێکدا هەندێـك مناڵ هەیانەو هەندێکیان نیانە، نەبوونی رەگەزنامە بۆ کوردەکان گەورەتریـن کێشـەیە، چونکە بێ بەش دەبـن لەخوێندن‌و خزمەتگوزاریەکانـی تەندروسـتی‌و کارکـردن لەدەزگاکانی دەوڵەت.

سەرچاوەکان:

- پەرتوکی "کورد، گەلی مەینەتییەکان"
- پەرتوکی "نەژادی کورد لە لوبنان"